# ڕەنگدانەوەی خاسیەت و بنەماکانی هیومانیزم لە چیرۆکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

**ID No. 389**

(PP 90 - 100)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.1.6

**ڕێزان محمد غفور**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

rezan.gafur1@su.edu.krd

**هیمداد حسین بکر**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

hemdad.bakir@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/06/29**

**پەسندکردن : 2022/08/22**

**بڵاوکردنەوە : 2023/02/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی خاسیەت و بنەماکانی هیومانیزم لە چیرۆکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا) پێکهاتووە لە دوو بەش.

بەشی یەکەم: بنەماکانی هیومانیزم کە بریتین لە (ئازادی، سەربەستی، خۆشەویستی، لێبوردەیی، ئاشتەوایی، دادپەروەری و یەکسانی، خۆشەویستی خاک و نیشتمان و مافی ئافرەت و جەخت کردنەوە لەسەر پێگە و مافی ئافرەت... وە چەند بنەمایەکی تری هیومانیزم.

بەشی دووەم: زیاتر پراکتیزە کردنی ئەم خاسیەت و بنەمایانەی هیومانیزمە لە چیرۆکی کوردی، چیرۆکنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەنجام. میتۆدی مێژوویی وەسفی و شیکاریمان بەکارهێناوە.

**کلیلە ووشەکان:** هیومانیزم، چیرۆکی کوردی، بنەماکانی هیومانیزم، چیرۆکنووسانی ڕۆژهەڵات.

## پێشەکی

ئەدەب خۆی مرۆڤایەتیە چونکە لەلایەن مرۆڤەوەیە، وە نووسەریش مرۆڤدۆستە،چونکە ئەرکی ئەو خزمەتی مرۆڤایەتییە. چیرۆکیش خۆی بریتییە لەژیانی مرۆڤ و دەربڕی ناخی مرۆڤ کەواتە مرۆڤ پێوەری سەرەکی و سەرچاوەی هەموو بەها مرۆڤایەتیەکانە.

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەینەوە دەبینین کە ژیانیان پڕ بوە لە زوڵم و ستەم و توندوتیژی، لە لایەن دەستەڵاتەوە زوڵمێکی زۆریان لێکراوە ئەمەش کاری کردۆتە سەر پەیوەندی نێوان خەڵک و دەستەڵات، کۆمەڵگاشی توشی داڕمانی (مادی و معنوی) کردووە.

هەژاری و برسێتی ڕووی لە خەڵک کرد ئەمانە هەموو هۆکاربوون بۆ ئەوەی کار لە ڕۆشەنبیران و قەڵەم بە دەستان بکات تا بتوانن ئەم هۆکارانە بگوازنەوە بۆ ناو بەرهەمەکانیان و لەبەرهەکانیان ڕەنگ بداتەوە.

ئەم توێژینەوەیە زیاتر پەردە لەسەر بنەماکانی هیومانیستی لادەدات لە چیرۆکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. چیرۆکەکان باسی کێشەکانی مرۆڤایەتی بەگشتی و کێشەی مرۆڤی کورد بە تایبەتی دەکەن، واتە زیاتر تیشکیان خستۆتە سەر لایەنی هیومانیستی لەلای تاکی کورد.

ئەگەر سەیری چیرۆکەکان بکەین دووبارە خوێندنەوەی واقیعن کە باسی زوڵم و ستەم و هەژاری و باسی ئازادی و سەربەستی دەکەن، وە کێشەکانی ئافرەتیش زەق دەکەنەوە زیاتر بە ڕوونی دەیخەنە بەر دیدی خوێنەران، کە ئەمانەش هەموو بنەماکانی هیومانیزمن.

بیروباوەڕ و هەستی نەتەوەیی کاریگەری ڕاستەوخۆی لە بواری ئەدەبی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە، بەتایبەتیش کورتە چیرۆک، بە ئاشکرا ئەم ڕاستیە لە چیرۆکەکاندا سەلمێنراوە.

چونکە ئەم ئەدەبە لە ناخی ژان و ئازار و خواستێکی ئاسایی و سروشتی نەتەوەیی کوردەوە هەڵقوڵاوە و بەبێ پەروا هەست و بیر و باوەڕی نەتەوەیی باڵی بەسەردا کێشاوە.

بێگومان نەبوونی كیانی سیاسی سەربەخۆ هۆكارێكی سەرەكییە بۆ ئەوەی بیروباوەڕی نەتەوەیی كورد باشتر گەڵاڵە بێت و زیاتر بخەملێت.

**1- خاسیەت و بنەماكانی هیومانیزم**

ئەدەبی هیومانیزم، هیومانیزم نیە لەبەرئەوەی كە لە مرۆڤەوە دەردەچێت، بەڵكو مرۆڤایەتیە چونكە دەنگی مرۆڤێكە خۆی دەدوێنێ و هەوڵی بڵاوكردنەوەی بنەماكانی یەكسانی و خۆشەویستی و ئازادی و دادپەروەری و لێبوردەیی...هتد دەدات، دژی هەموو توندوتیژی و ڕەگەزپەرستییەك و جیاوازیەكی چینایەتیە. واتە كە دەڵێن ئەدەبی كوردی مرۆڤایەتی واتە ئەدەبێك پڕا و پڕ لە مرۆڤایەتی و دژی نامرۆڤایەتیە، چونكە ئەدەب ئامرازێكە بەدەست ئەدیبەوە كە لە ڕێگایەوە وێنەی ژیان و كێشەكان و ئاواتەكان و ئازارەكانی مرۆڤ دەكات لەم ژیانەدا.

گرنگترین خاسیەت و بنەماكانی هیومانیزمیش بریتین لە:

ئازادی و سەربەستی "Freedom"

لەوەتەی مێژوو هەیە گەلان بەناوی ئازادبوون و بۆ ئازادی جەنگاون، یۆنانیەكان، لەوانەوە كەلتوری ڕۆژئاوایی، ئایدۆلۆجیەتی جیاكارەوەی خۆیان لەگەڵ ئەوانی دی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندووە كە ڕۆژئاوا مەڵبەندی لەدایكبوونی ئازادی و كۆمەڵگای ئازادە هەر لە بیر و وتار و كردەوە و هەڵبژاردنی حكومەتی خۆیان (ئازادی لە زۆربەی كۆمەڵگاكانی مرۆڤایەتیدا بەهادارترین بەهای مرۆڤە، كۆكەرەوە و چڕكەرەوەی هەموو ئەو تایبەتمەندی و ئایدیا باش و بەرز و پیرۆزن لای مرۆڤ و مرۆڤایەتی) (میراودەلی، 2021، ل77).

(لەو كاتەی كە ئازادی سەرهەڵدەدات، واتە لەو كاتەدایە كە مرۆڤ بوونەوەرێكی سروشتی دەگۆڕێت و دەبێتە بوونەوەرێكی مەدەنی و كەسایەتییەكی بۆ دروست دەبێت بەردەوام بەردەوام لە هەوڵ و تەقەلادایە بۆ ئەوەی بەناخی ئەو شتانەیە ڕۆبچێتە خوارەوە كە پێی دەڵێن ئازادی) (مەنتك، 2021، ل169).

واتە ئێمە هیچ شارستانیەتێك ناناسین كە زاڵێتی تاقمێكی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەكانی دیكەی تێدا نەبووبێت، بەڵام ئەوەی دڵخۆشكەرە ئەوەیە بەشێك لە مرۆڤەكان لە سەرانسەری جیهان هەستیان بە نەبوونی ئازادی كردووە و هەوڵیان داوە ئازادی بەدەست بهێنن. پێناسەكردنی ئازادی كارێكی قورسە چونكە لەگەڵ بوونی مرۆڤدایە، مرۆڤ هەر لە سەرەتای دروست بوونی لەم گەردوونە شۆڕشی بەرپاكردووە دژی سروشتی دەوروبەری، وە هەوڵی داوە جیهانی دەرەكی لە خزمەتی ئەو دابێت (هەر لە كۆنەوە زۆربەی فەیلەسوفان بنەماكانی خۆشی و مرۆڤایەتیان دیاری كردووە بەوەی كە بیرو باوەڕ و ئازایەتی و ساكاری و یەكسانی و دادپەروەری بریتین لە بەها بەرزە مرۆڤایەتیەكان) (زەهران، 2003، ل13).

ئەم بنەمایەش هیوا و ئاواتی نووسەران بووە، بۆیە لە بەرهەمەكانیان ڕەنگی داوەتەوە (ئیمرسۆن دەڵێ: هیچ كاتێك ئازادی چاوەڕوانمان ناكات دەبێ ئێمە لە داواكردنی بە دڵ و گیان درێغی نەكەین لە هیچ جێگایەك و هیچ مێژوویەك شك نابەین كە ئازادی و دیموكراسی بە ئاسانی وەدەست هێنابێت) (Elton, 1689, P:85).

یەكسانی و دادپەروەری: Equality and justice

دادپەروەری (Justice) لە وشەی (Just)ی لاتینیەوە هاتووە بەواتای "ڕاستی" ئەو بەها ئەخلاقیەی كە دەبێتە بنچینەی ڕێزگرتنی مافە بنچینەییەكانی مرۆڤ كە ناكرێ دەستیان تێ بخرێ. (مۆللێر، 2013، ل265).

بنەمای دادپەروەری بنەمایەكی هەمەگیرە چونكە بەسەر هەموو تاكێكدا بەتەنیا و بەسەر كۆی مرۆڤیشدا جێبەجێ دەكرێت. بەگوێرەی جاڕنامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤ دادپەروەری جەخت لەوە دەكاتەوە كە هەموو مرۆڤەكان بەیەكسانی لەدایك دەبن و لە كەرامەت و مافدا یەكسانن.

(دادپەروەری چەند جۆرێكی هەیە، سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی، كە دادپەروەری سیاسی ڕێگاخۆشكەرە بۆ دادپەروەری ئابوری ئەویش ڕێگاخۆشكەرە بۆ دادپەروەری كۆمەڵایەتی لە ئەنجام كۆمەڵگایەكی یەكسان و دادپەروەر دێتە ئاراوە كە هەموو تاكێك مافی خۆی بەدەست دەهێنێت بێ جیاوازی و بەیەكسانی) (عادل، 1969، ل24).

پێناسەكردنی مرۆڤ لە ڕێگەی مافەكانیەوە، نەك لە ڕێگای ئینتیمای ئاینی و كۆمەڵایەتی و ئەتنیەوە، لەناو چوارچێوە گشتیەكانی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا ئەو هەنگاوە گرنگەییە كە وێنە سەرەكیەكانی مرۆڤ وەك خاوەن ماف و یەكسان لە دونیای مۆدێرنەدا دروست دەكات.

(شۆڕشی ئەمریکی لە ساڵی 1776 و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بوونی ئەمریکا و بڵاوکردنەوەی "بەیاننامەی مافەکان"ی لێ کەوتەوە. وە شۆڕشی فەرەنساش لە ساڵی 1789 و بڵاوکردنەوەی "بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی، ئەم دوو بەیاننامەیە مرۆڤ وەک بونەوەرێکی خاوەن ماف و یەکسان لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا دەناسێنن. وە بەیاننامەی مافەکانی "Declaration of Rights" کە لە 1776/6/12 لە ویلایەتی ڤیرجینیا لە ئەمریکا دەردەچێت). (Kop, 2009, P:29). یەکسانیش پەیوەندی بە ئازادییەوە هەیە واتە هەموو تاکێک مافی خۆیەتی بە ئازادی و بە یەکسانی و بێ جیاوازی لە کۆمەڵگادا بژیت.

لێبوردەیی: Tolerance

یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی هیومانیزم واتە لەبیرکردنی ڕابردوو بە هەموو توانامانەوە، هەروەها دوورکەوتنەوەیە لە ئەزیەتدانی ئەوی تر بەهۆی ڕقێک یاخود ڕووداوێکی ڕابردوو. هەروەها لێبوردەیی هەست کردنە بە بەزەیی و هاوسۆزی و خۆشەویستی ئەمانەش هەموویان چەندین سیفاتن کە لە دڵی ئێمەدا بوونیان هەیە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی.

(لێبوردەیی ئەدگارێکە لە بەرەنجامی جیاوازی بۆچوون و بیروباوەڕەوە هاتووە کە ئەویش بە چاوپۆشی کردن لە یەکتری و سینەفراوانی دێتە ئارا) (سیوەیلی و ئەوانی تر، 2009، ل76).

کەواتە لێبوردن و لێگەڕان کەمتەرخەمی و خەمساردی نیە، واتە بێ باکی نیە لە ئەویتر، بەڵکو سازان و پێکەوە هەڵکردنی کۆمەڵایەتییە، لەم سۆنگەوە لێبوردەیی لێگەڕان و دەرفەت ڕەخساندن و جێکردنەوەی ئەویترە، کەواتە کاتێک دەتوانی لێبوردە بیت و داوای لێبوردەیی لە بەرامبەرەکەت بکەیت، کە خۆت باوەڕت پێی هەبێت چونکە بەستراوەتەوە بە مانایەکی ڕەوشتی کە دەبێت هەموو یەکێک لەبەرچاوی بگرێت، چونکە بەبێ لێبوردەیی مرۆڤبوونی ئێمە هیچ بەهایەکی نیە. (جۆن لۆک، 1632-1704 یەکەم کەس بوو لە پەیامەکەیدا "لەبارەی لێکبوردن"ەوە، کە لە ساڵی 1689 بڵاوی کردەوە لەم کتێبەیدا، داوای مافی بۆ تەواوی ئاینزا و دەستە و تاقمەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئینگلیزی دەکرد، هەر لە پرۆتستانتەکانەوە بۆ کاتۆلیکیەکان و بەپێی ئافرۆزکردن و وەلاخستنی بتپەرست و موسڵمان و جولەکە، ئەمەش لەسەر بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە دەسەڵاتی کڵێسا. کە لەدایکبوونی فەلسەفەیەکی یاسایی بوو بۆ مافەکانی مرۆڤ) (تەرابیشی، 2012، ل19-20))

لێبوردەییش تەنیا لە پێناوی کەسانی دەوروبەرمان نیە بەڵکو بۆخۆشمانە کە ڕزگارمان دەبێت لە هەموو بوغز و ناخۆشیەک و تاوانێک کە لە ناخماندا هەیە، واتە لێبوردن بە واتا فراوانەکەی لێبوردنی نەفسی خۆمانە.

(ئەو کەسەی کە توانای لێبوردنی هەبێت توانای هەموو شتێکی هەیە، چونکە لێبوردەیی تەنها خێر و چاکەی لێ بەرهەم دێت، ئێمە ئەگەر بەبێ لێبوردەیی نەمانتوانی واقیع بگۆڕین با بەچاوی لێبوردەیی وابکەین ژیان بگۆڕین.) (إبراهیم، 2014، ل8)

کەواتە لێبوردەیی سیفەتێکە لە سیفەتەکانی مرۆڤ ئەوە ناگەیەنێت کە زوڵم و زۆرداری قەبوڵ بکەن یاخود دەستبەرداری بیروباوەڕی خۆیان بن، بەڵکو واتای ئەوەیە کە تاکە کەس ئازادە لە دەستگرتن بە بیروباوەڕەکانی، وە ئەوەش قەبوڵ بکات کە کەسانی تر دەست بە بیروباوەڕی خۆیانەوە بگرن و دەستبەرداری نەبن. هەروەها مافی ئەوەیان هەیە کە بە ئاشتەوایی بژین و هەوڵی ئەوە بدەن کە کۆمەڵگایەک دروست بکەن لەسەر بنەمای لێک تێگەیشتن و پێکەوە ژیان بەبێ فەرزکردنی بۆچوونی کەسانێک لەسەر کەسانێکی تر و بەبێ جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەز و ئاین ئەمەیە مانای لێبوردەیی. هیومانیزمەکان زۆر گرنگی بەم بنەمایە دەدەن بۆ ئەوەی خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤایەتی بڵاو ببێتەوە هەموان یەکتر قەبوڵ بکەن و یەکتریان خۆش بوێت.

خۆشەویستی وەک بنەمایەکی تری بنەماکانی مرۆڤایەتی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیان، بنەمایەکی گرنگە بۆ پتەوکردنی برایەتی مرۆڤایەتی. خۆشەویستی لە (Love)ی ئینگلیزیەوە هاتووە، کە لە وشەی (Lobha)ی سانسکریتی وەرگیراوە، بووە بە (Love) کە بە واتای تەماعی و چڵێسی دێت. (خۆشەویستی یەکێکە لە جوانترین هەستەکانی کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات لە ژیانیدا چونکە خۆشەویستی وا لە مرۆڤ دەکات هەموو شتێکی دەوروبەری خۆی بەجوانی ببینێت بەچاکی بۆیە وا هەست دەکات ژیان بەڕوویدا پێ دەکەنێت و گەشە دەکات، چونکە مرۆڤ وا خولقێنراوە) (www.muhtawa.com)

خۆشەویستیش چەند جۆری هەیە بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە خۆشەویستی مرۆڤانەیە یاخود خۆشەویستی برایانەیە، کە خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان پتەو دەکات کە هیومانیزمەکان زۆر گرنگی بەم بنەمایە دەدەن بۆ ئەوەی خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤایەتی بڵاو ببێتەوە هەموان یەکتر قبوڵ بکەن و یەکتریان خۆش بوێت.

(خۆشەویستی هانی مرۆڤ دەدات تا خۆپەرستیەکەی بەجێبهێڵێت تا بیهێنێتە ناو میهرەبانی و کردنەوەی دەرگای بڵندبوونەوە لەبەردەمیدا. خۆشەویستی ئامانجی جیهانیبوونە لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی هەموو مرۆڤدا، با دوورترین و بێگانەترین بن تەنانەت دوژمنیش بن، یەکەم ئەرکی خۆشەویستیش بریتیە لە ئەنجامنەدانی توندوتیژی) (مۆللێر، 2013، ل190).

خۆشەویستی دەبێتە هۆی پتەوبوونی پەیوەندی نێوان مرۆڤایەتی و بەرپابوونی ئاشتی چونکە بە بڵاوبوونەوەی خۆشەویستی شەڕ و کوشتار لەناو دەچێت و دوژمنایەتی دەکوژێتەوە و ئاشتی و خۆشەویستی بەرقرار دەبن.

(خۆشەویستی چالاکییە، هەستێکی نەرێنی نیە، خۆشەویستی "ڕاوەستانە" و کەوتنە ناو و گرفتاربوون نیە، دەشێ بە چاکترین و بەهێزترین شێوازە گشتیەکان پەسەندی خۆشەویستی بکەین و بڵێین کە: خۆشەویستی بەخشینە، وەرگرتن نیە) (فرۆم، 1941، لا38).

کەواتە ئێمە دەبێت لە سەرەتادا خۆمان خۆش بوێت و لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین ، چونکە گەر نەتوانین خۆمان خۆش بوێت چۆن دەتوانین کەسانی ترمان لە دەوروبەرمان خۆش بوێت. واتە لە خۆشەویستی خود دەست پێ دەکەین و بەرەو خۆشەویستی کۆمەڵ هەنگاو دەنێین بۆ ئەوەی بتوانین بە برایانە و بەخۆشەویستی پێکەوە بژین لەم جیهانە، ئەمەیە ویستی هیومانیزمەکان.

**خۆشەویستی خاک و ئازادی نیشتمان:**

خۆشەویستی نیشتمان یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی، چونکە مرۆڤایەتی ڕاستەقینە نابێت تەنها ئەگەر لەسەر بنەمای خۆشەویستی خاک و نیشتمان بنیات نەنرابێت، وە نیشتمانپەروەریش تەواو نابێت ئەگەر هاتوو هەوڵ نەدات بۆ بەرزکردنەوەی مرۆڤ و پایەی مرۆڤ لە کۆمەڵگا، چونکە خۆشەویستی خاک و نیشتمان تەواو نابێت تەنها بە ئامادەبوونی گیانی لێبوردەیی و برایەتی و دوورکەوتنەوە لە ڕەگەزپەرستی و جیاوازی چینایەتی نەبێت.

(یەکەمین هەوڵی تیۆری بۆ پێناسەکردنی نەتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی دەگەڕێتەوە، لەو سەردەمەدا نووسەرێک بەناوی (ئیمانوێل جۆزیف) 1748-1836 بۆ یەکەم جار کتێبێک بڵاو دەکاتەوە لە مێژووی ناسیۆنالیزمدا لە یەکێک لەو کتێبە سەرەتاییانە دادەنرێت کە باس لە دیاردەی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات. ئیمانوێل پێی وایە "نەتەوە" لە کۆمەڵە کەسێکی ئازاد و یەکسان و سەربەخۆ و فرە ڕەنگ و جیاواز پێکدێت، کە کۆمەڵێک پێداویستی هاوبەش و سروشتی پەیوەست بە مرۆڤبوونەوە و ئیرادەی پێکەوە ژیانێکی هاوبەشی بەیەکەوە کۆی کردوونەتەوە واتە "نەتەوە" دیاردەیەکی سروشتیە و تاکەکەس وەک مرۆڤ پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی بتوانێ بەیەکەوە بژین و خۆیان لە مەترسیەکانی لەناوچوون بپارێزن) (مۆللێر، 2013، لا131).

خۆشەویستی خاک و نیشتمان شتێکی تازە نیە بەڵکو زۆر کۆنە دەتوانین بڵێین لەگەڵ بوونی مرۆڤ بوونی هەبووە. وە خۆشەویستی خاک بەندە بە ئازادی و سەربەستی بیر و باوەڕ و هەستکردنی تاک بە بوونی خۆی لەناو خاکی خۆیدا، وە لە دۆزینەوەی خۆیدا کە ئەمەش پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە بزووتنەوەی مرۆڤایەتی.

(نیشتمان بنچینە و پێشمەرجێکە کە بوونێکی ڕاستەقینەی مرۆیی، بەبێ ئەو ناتوانێت ببێت، ئامادەبوونی مرۆڤ لە جیهاندا، پێشمەرجێکی پێویست و ڕادیکاڵیانەیە، بوونی مرۆڤیش لە نیشتمان بنەڕەتی ڕەسەنبوونیەتی. باش دەبوو ئەگەر نیشتمانی مرۆڤ هەموو جیهان بوایە، نەک تەنیا شوێنی لەدایکبوونی و نەک بۆشگەیەکی تەسکی جوگرافی، نیشتمان پردە، کە مرۆڤ گرێ دەداتەوە بە جیهانەوە) (حمە عەلی، 2015، لا236).

هەر پەیامێکی "ئینسانی"یش پێویستی بەکات هەیە بۆ ئەوەی بگات بە هەموو جوغرافیەکانی خۆی، بیری ئازادی و نەتەوەخوازیش پێویستی بە ڕاگەیاندنی بەهێز هەبوو، بۆ ئەوەی هەستی نەتەوەخوازی لای تاکەکانی ئەو نەتەوە چەکەرە بکات و گەشە بکات.

ئاشتی و ئاشتەوایی (peace and reconciliation):

ئاشتی بەخشراوێکی خوای مەزنە بۆ مرۆڤایەتی، بە پێچەوانەی شەڕ و توندوتیژی دژی مرۆڤە و دژی خۆشەویستی و ئاشتیە، هۆکارێکە بۆ جودایی و لێکترازانی کۆمەڵ. مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو تووشی چەندین جەنگ و کاولکاری بۆتەوە بۆیە مرۆڤەکان ئەمڕۆ هەردەم حەز بە ئاشتی و ئاشتەوایی جیهانی دەکەن بۆ بەدیهێنانی خەون و هیواکانیان وە بۆ بەرقەراربوونی ژیانێکی خۆش و دوور لە شەڕ و ترس و ناخۆشی.

(وشەی ئاشتی "paix" بەپێی واتە داتاشراوەکەی لە وشەی "pax"ی لاتینیەوە هاتووە بە واتای "بەڵگەنامە"یەک لەنێوان دوو دژبەر، یان کۆمەڵە دژبەرێکدا کە گەیشتوونەتە گرێدانی ڕێککەوتنێک، پەسەند دەکرێت) (مۆللێر، 2013، لا217).

مێژوونووسی بەناوبانگی بەریتانی "ئارنۆلد توینبی" لە پێناسەی ئاشتی دا دەڵێ: (بژی، وە لێبگەڕێ کەسانی تریش با بژین) (مروان، 2016، لا15)

ئیرادەی ئاشتیش یەکەم شت ڕەتکردنەوەی شەڕ نیە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی سیستەمە، چونکە هەموو شێوەکانی تاکڕەوی و هەموو خراپەکارییەکانی بەرامبەر ئازادی و کەرامەتی کەسەکان و هەموو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەستدرێژین بۆ سەر ئاشتی.(ئاشتی

واتە گونجان و پێکەوەژیانی چەندین کۆمەڵگای جیاواز پێکەوە دوور لە ڕەگەزپەرستی و شەڕانگێزی و جیاوازی ئایینی، بەڵام مانا گشتیەکەی واتە نەبوونی کێشە و ناخۆشی و تۆڵەسەندنەوە، هەروەها ئاشتی دەبێتە هیوای نزیکبوونەوەی میللەتان و ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ یەکتر بە ڕێگایەکی ڕاستگۆیانە و بەرپابوونی یەکسانی و ئازادی و ئاشتیش کلیلی هەموو نوێخوازیەک و پێشکەوتنێکی کۆمەڵگایە). (محمد، ٢٠١٨، لا ٧٠)

(ئیمانۆئیل کانت، فەیلەسوفی ئەڵمانی یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە زۆرترین بایەخ و گرنگی بەپرسی ئاشتی داوە، سەبارەت بە پرسەکانی مافە دەوڵەتیەکان و دەربارەی فەلسەفەی مێژوو بۆچوون و بیروڕاگەڵێکی ئێجگار جوان و سەرنجڕاکێشی هەیە. هەر ئەویش دانەری زاراوەی ئەڵمانی (volkerbund) ە کە پاش کۆچی دوایی ئەو بەماوەی نزیکەی سەدە و چارەکە سەدەیەک لە (کۆمەڵەی نەتەوەکان) ی دامەزراوەی پێش نەتەوە یەکگرتووەکان. لەم بارەشەوە کتێبێکی بەناوبانگی هەیە لە ساڵی ١٩٧٥دا بە ناونیشانی "پرۆژەیەک بۆ ئاشتی هەمیشەیی" چاپ و بڵاویکردەوە و تیایدا ئەوەی ڕاگەیاند کە دامەزراندنی (هاوپەیمانییەتەک لە نێوان میللەتان) دا تاکە ڕێگایە بۆ لەناوبردنی بەڵا وماڵوێرانیەکانی جەنگ) . (کانت، ٢٠١٥، لا ٧٠٦)

کەواتە ئاشتی گرنگیەکی گەورەی هەیە لەژیانی مرۆڤەکان کە وایان لێدەکات ژیانێکی هێمن و خۆش بژین بەئارامی و دوور لە شەڕ وکێشە.

**جەختکردنەوە لەسەر مافی ئافرەت و پێگەی ئافرەت:**

ئەوەی کە ئافرەتی ئەزیەت داوە لەم کۆمەڵگایە ئەوەیە کە ئافرەت وەک مرۆڤێکی بەشخوراوی پەراوێز سەیرکراوە، هەردەم مافەکانی پێشێلکراوە. بەڵام هیومانیزم گرنگی زۆری بە ئافرەت و پێگەی ئافرەت و کێشەی ئافرەت داوە، بەوەی هەموو مرۆڤێک جا ئافرەت بێت یاخود پیاو وەک یەکتر مافیان هەیە لەم ژیانە، پێویستە بەچاوێکی یەکسان سەیری ئافرەت و پیاو بکرێت و مافیان بۆ دەستەبەر بکرێت، چونکە هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی لە کۆمەڵگا بژیت. (یەکەمین کێشە کە ئافرەت ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەو پێیەی کە ئەویش تاکێکی کۆمە ڵە، نەبوونی ئازادی ونەتوانینی دەربڕین و گوزارشتکردنە لەخود، لەگەڵ ئەوەی ئازادی تاک پەیوەستە بەئازادی گشتی، بۆیە ئافرەتیش وەک تاکێک مەحکومە بەو ژینگە و ناوەندە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژیت، ئەم دۆخە هەندێک جار بۆتە هۆی ئەوەی پیاوان لەجیاتی ژنان باس لە کێشە و گرفتەکانی ژنان بکەن لەئاکامیشدا دۆخێکی خراپتر لەوەی لەڕابردوو دێتە ئارا.

وەختێ لەهەر کۆمەڵگایەکی بەشەریدا جوانی تەنیا شتە دیار و بەرچاوەکان کۆبکاتەوە و ئاکار و ڕەوشت و بیروباوەڕی مرۆڤدۆستی لێ بێبەری بکرێت، ئادەمیزادەکانی ناوی پلە پلە لەسروشتی مرۆیی خۆیان دوور دەکەونەوە). (شێخ، ٢٠٠٢، لا ٤٤)

قسەکردن لەسەر مەسەلەی ئافرەت و کێشەکانی و حاڵەتە دەروونیەکانی بوارێکی زۆر هەستیارە، چونکە ئافرەت تاکێکی زیندووی ناو کۆمەڵە ورۆڵ و کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر ئێستا و داهاتووی هەموو کۆمەڵگاکان، هەر ئەمەیە وایکردووە ڕۆشەنبیر و نوسەران بەگشتی ئافرەت و گرفتەکانی بکەن بە بابەتێکی سەرەکی لەبەرهەمەکانیاندا و ڕووبەرێکی فراوانی داهێنان بۆ ئەو بابەتە تەرخان بکەن. (راسیش دەڵێ: زەلیل بوونی دایک، دەبێتە هۆی زەلیل بوونی یەک نەوەی گەورە) (سیوەیلی، 2002، لا518).

(بیرمەندانی ڕێنسانس یان هیومانیزمەکان، ئامانجی فێرکارییان لەسەر بنەمای خوێندنەوەی زانستە مرۆییەکان، واتە فەلسەفەی ئاکار و مێژوو و ئەدەبیان بنیات نا. ئەمە بۆ ژنان چ واتایەکی هەیە؟ لە ڕوانگەی هیومانیزمەکانەوە لە کۆمەڵگایەکدا نرخی "کەلتوری" دەزانێ بوونی ژنانی خوێندەواری سەربە چینە باڵاکان بەڵگەیەک بوون بۆ باوەڕمەندی بەسوودەکانی خوێندن و شانازی بۆ بنەماڵەش دەهاتە ئەژمار). (لێ گەریت، 2015، لا129).

کەواتە ئافرەتیش ڕەگەزێکی گرنگە لە پرۆسەی گەشەپێدان بۆ ئەوەی ئەم ڕەگەزەش "ئاکتیڤ" بێت پێویستە مافەکانی بۆ دابین بکرێت، چونکە ئەویش پێدراوی تایبەتی هەیە لە یەکسانی و مافەکانی ئازادی...هتد. تاوەکو بتوانێت بەشدارییەکی ئیجابی هەبێت لە بزووتنەوەی گەشەپێدان و ئاراستەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

چەندین بنەمای تری وەک هەژاری و هاوڕێیەتی و بەزەیی و...هتد.

مرۆڤەکان هەموویان یەک بنەما و یەک جۆر سروشتیان هەیە لە ژیان، هەموویان وەک یەک خاوەن ماف و بەشدارن لە ژیان، ئەرکی هەموو مرۆڤەکانیشە هەر کەسەو بەپێی ئاست و پێگەی تایبەتی خۆی هەوڵی دابینکردنی خۆشترین ژیان، وەلانانی ناڕەحەتی مرۆڤەکان بدات لێرەوە مرۆڤایەتی بوون دەبێتە ئەو بنەمایەی مرۆڤەکان ڕادەهێنێت و هانیان دەدات لەسەر ڕێزگرتنی پلەوپایەی بەرزی مرۆڤ کەس بۆی نیە کەسی تر بکوژێت و مافی بخوات، لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی خۆی بەکاری بهێنێت، یان ڕقی لێ هەڵبگرێت و نابوتی بکات، هەستی مرۆڤانە یان ڕەوتی مرۆیی وەکو چەندێک لە توانایدا هەیە هەموو مرۆڤەکان بە جیاوازی ڕەنگ

و دەنگ و شێوە و بیروباوەڕ کۆ بکاتەوە و خۆشی ئاسودەیی بۆ هەمووان دابین بکات. هەژاریش یەکێکە لە کێشەکانی کە تووشی مرۆڤایەتی دەبێت، هەژاریش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیان وەک تای تەرازوو وایە بەرامبەر بە دەوڵەمەندی، چونکە ژیان لەسەر ئەم دژانەوە وەستاوە "چاکە و خراپە" و "هەژاری و دەوڵەمەندی" و "باشی خراپی" چونکە بەبێ بوونی زوڵم هیچ مانایەک نیە بۆ هەق واتە ئەو دژانەن کە هاوسەنگی ژیان ڕادەگرن. وە هەژاریش کاتێک ڕوو لە مرۆڤایەتی دەکات پێویستە بەرامبەریان دەستکراوە بن و یارمەتیان بدەن چونکە ئەمە سیفەتێکی بەرزی مرۆڤایەتیە. (پێویستە مرۆڤەکان یارمەتیدەری یەکتر بن ئەگەر بە برێکی کەمیش بێت، کە ئەمەش سیفەتێکی مرۆڤانەیە، هەژاریش هیچ کات عەیب نیە و دەوڵەمەندیش هیچ کات پلە بەرزی نیە چونکە چەندین کەسمان بینیوە بە هەژاری ژیاوە بەڵام پلەیەکی بەرزی هەبووە لە ژیان، بۆیە داوا دەکات ئارامگر بن و ڕازی بن بە قەدەری خوای گەورە و پێویستە دەوڵەمەندەکانیش چاویان لە هەژاری براکانیان بێت و یارمەتیدەریان بن) (آل یونس، 2008، لا249).

هاوڕێیەتیش وەک هەسارەیەک وایە مرۆڤ پەنای بۆ دەبات و تیایدا دەژیت، یەکێکی ترە لە بنەماکانی مرۆڤایەتی بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، وە مرۆڤیش بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و ناتوانێت بەتەنیا بژیت بۆیە هەردەم هەوڵ دەدات هاوەڵێک بدۆزێتەوە و خۆشی بوێت. هاوڕێیەتی ڕاستەقینەش خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەی پێویستە بەمەش خۆشەویستی زیاتر دەبێت لە نێوان مرۆڤایەتی.

بەزەییش بنەمایەکی گرنگی مرۆڤایەتیە چونکە هیچ لەوە جوانتر نیە مرۆڤەکان بەبەزەیی بن لەگەڵ یەکتر چونکە ئەمە دەبێتە هۆی پتەوبوونی مرۆڤایەتی نێوانیان و نەمانی هەژاری و بڵاوبوونەوەی خۆشەویستی و یەکسانی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵ کەواتە ئەمانە هەموویان بنەمای پتەوی مرۆڤایەتین بە پەیڕەوکردنیان مرۆڤایەتی بڵاودەبێتەوە لە کۆمەڵگا.

(خۆزە گالیندۆ – هیکتۆر زاگال لە کتێبی فەلسەفەی ئەخلاق دەڵێن: مرۆڤ کاتێک دەتوانێت بەختەوەر بێت کە بە کەمال بگات، ئەوەش کاتێک ڕوودەدات کە بگاتە لوتکەی مرۆڤایەتی و بەهادارترین تواناکانی مرۆڤبوونیەتی و بەتەواوی گەشەی کردبێت) (خضر، 2018، لا79).

**2- پراکتیزە کردنی خاسیەت و بنەماکانی هیومانیزم لە چیرۆکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا**

لە چیرۆکی (سەماکەر)ی چیرۆکنوسی بەتوانا (مێدیا) باسی کێشەی ئافرەت و ڕوانینی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی دەکات بۆ ئافرەت کە هەر لە ناونیشانەکەیدا دیارە کە بەناوی (سەماکەر)ە کە کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە، ئەم چیرۆکە بە گیانێکی هیومانیزمی مرۆڤدۆستانە نووسراوە. چیرۆکەکە باسی ئافرەتێک دەکات بۆتە قوربانی دەستی ڕۆژگاری سەخت و چڵێسی هەڵپەرستان، کە ژیانی ئەم ئافرەتە بە جۆرێک دەشێوێنێت، ئەگەر سەیر بکەین (سەماکردن) خۆی هونەرە لە وڵاتانی دونیا بە چاوێکی پڕ نرخ سەیر دەکرێت، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە کارێکی سووک و خراپ و ناشیرین سەیر دەکرێت.

(لە هونەردا پەیوەندی دروستی مرۆیی بە گەردووندا دەردەکەوێت، هونەر مرۆڤ لەو نامۆییە ڕزگار دەکات کە کەلتور و دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێی دام و دەزگا جیاوازەکاندا بەسەریدا دەسەپێنێت، تەنیا لە ڕێگای هونەردا مرۆڤ ئازاد دەبێت و دەتوانێت دووبارە جیهانی تایبەتی خۆی بنیات بنێتەوە و پەرە بەتواناکانی بدات). (أبو زید، ٢٠١٠، ص91)

واتە سەماکردن جۆرە هونەرێکی نمایشکردن و گوزارشت کردنە لە ناخی ئافرەت واتە لەوانەیە هەستێکی پەنگخواردووی هەبێت یاخود کێشەیەکی هەبێت بتوانێت لە ڕێگای ئەم سەماکردنە دەری ببڕێت، بەڵام لەچاوی کۆمەڵگای ئێمەدا وانیە.

ئەم ئافرەتە لەم چیرۆکە لە ڕووخساردا ئازادە و سەما دەکات بەجلی نیمچە ڕووت لە یانەیەکی شەوانە، هونەرمەندێکی بەناوبانگی بواری (سەماکردن)ە، بەڵام ئەوە نەبۆتە ڕێگر لەوەی کە هەست بە بێهودەیی و مایەپوچی ژیان و بێهودەیی خۆی نەکات، کاتێک دەبینێت دەوروبەری تەنیا وەک نێچیریک وەک ئامرازێکی خۆشی بەخش سەیری دەکەن، وە دڕندانە و دڵڕەقانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و پاکیزەی دەهاڕن و ژیانی دەکەنە پارچەیەک لە تراژیدیا، لە ئاکامدا دەبێتە قوربانی ئەم تێڕوانینەی کۆمەڵگا و ڕۆژگار. چیرۆکنوس بەم شێوەیە دەست پێ دەکات و دەڵێت: ((لەسەر سەکۆکە دەیڕوانیە جەماوەری خوارێ. جێگای ئەو لەو شوێنە لە هەموویان بەرزتر بوو0 هەمیشە کراسێکی ڕەشی تۆڕی لەبەردەکرد. بەڵام ئەندامی هەموو ڕووت بوو. باسک و مل بەتایبەتی لەکاتی سەمادا لەسەرێوە تا خوارێ لاڕانی دەردەکەوت. دەست و سینگ و سەر، هەرجارەو بەشێوەیەک و بەرەو لایەکی هەڵدەخولاند، هێندە بە زەریفی ئەندامی لەشی دەجولاندەوە کە ئەوانەی خوار سەکۆکە پێیان خۆش نەبوو بۆ ساتێکیش چاوی لێ بتروکێنن، شۆقی چراکانی سەرەوە دەکەوێتە سەر سنگ و مل و دەم و چاوی)). دوای ئەوەی چیرۆکنوس وەسفی جلوبەرگی سەماکەری کرد

دواتر دێتە سەر باسی چۆنیەتی سەماکردنەکەی کە دەڵێت زۆر لێهاتوو بوو زۆر بە جوانی سەمای دەکرد و لەش و لاری دەجولاند کە دەڵێ ((ئەوەندی لێ جوان بوو دەتگوت ماسییە وەک ماسی نەرم و شل دەجولاوە و جاری واش هەبوو وەک مارێکی گەرما لێ دراو تورە خێرا خێرا جێگا و شوێنی خۆی دەگۆڕی و چاوی بینەرانی بەدوای خۆیدا دەسوراند دەتگوت بۆیە وادەکا بۆ ئەوەی تۆڵەی کاتی سارد و سڕی یان بێ دەنگیان بکاتەوە)).

دواتر چیرۆکنوس دێتە سەر باسی خەڵکەکە لە یانەکە لەسەر مێزەکان دانیشتوون هەریەکە و چیرۆکی تایبەتی خۆی هەیە، هەیانە سەرخۆشە و ئاگای لە هیچ نەماوە، هەیانە تا ئێستا دەخواتەوە و هەیانە کێشەی هەیە و هیچ ئاگای لەوێ نیە و هەشیانە لەگەڵ ئافرەتەکە کەوتوونەتە سەماکردن، ئافرەتەکە هەوڵ دەدات مێشکی هەمووان بۆ لای خۆی کێش بکات بەم جوولە لێهاتوانەی خۆی بۆ ئەوەی دوای ئەوەی ئەوێش بەجێبهێڵن هەر لە زەینیان بمێنێتەوە.

بەڵام کەس بە دەردی ئەم ئافرەتەی نەدەزانی کە بۆچی سەما دەکات؟ ئەو ئافرەتە هیچ پارە و میراتێکی بۆ بەجێنەماوە لە باب و باپیران لە کارەکەشی پارەیەکی وای بەدەست نەکەوتووە تا ئێستا تەنیا بژێوی ژیان بووە بۆیە زیاتر هەوڵی خۆی دەدات تاکو بتوانێ سەرکەوتوو بێت. چیرۆکنووس دەیەوێت بڵێت ئافرەت زۆر بەتوانا و لێهاتووە و زیرەکە هەر کاتێک کارێکی خستە مێشکی خۆی و کاری بۆ کرد تیایدا سەرکەوتوو دەبێت. هەموو کارێکیش قوربانیدان و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە لە سەرەتادا، چیرۆکنوس دەڵێ خەڵکەکە هەموویان بەخۆشی ڕایاندەبوارد و کەسیش بیری لەناو مێشکی ئەو نەدەکردەوە کە ئەو بیر لە چی دەکاتەوە و کێشەی چیە. بەلای چیرۆکنوس ئەم ئافرەتانە زیاتر پێویستیان بە یارمەتی مرۆیی هەیە، چونکە لەوانەیە قورسی باری ژیان وای کردبێت کەوا بڕیارێکی وا قورس بدەن. واتە بیرکردنەوەی خەڵک لەگەڵ بۆچوونی مێشکی ئەو زۆر جیاواز بوو، لەوانەیە ئەمە ڕەمز بێت بۆ ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردەواری کە بیرکردنەوەی کۆمەڵگای پیاوسالاری زۆر جیاوازە لەگەڵ خەیاڵ و بیر و بۆچوونی ئافرەت ئەو هەمیشە ڕووبەڕووی ڕووداوی نەخوازراو دەبووەوە بەڵام قەتیش کۆڵی نەدەدا و بەردەوام بوو و هەوڵی دەدا.

ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاهەنگێکی تایبەتی لەم یانەیە ساز دەکرێت و خواردن و خواردنەوەیەکی زۆر و خەڵکێکی زۆر لەوێ ئامادە دەبن ئەویش بە جۆرێکی جیاواز جلێکی جوان خۆی ئامادە کردبوو بەڵێنی دابوو کە ئەو ڕۆژە ببێتە ڕۆژی بەختی ئەو ناوبانگی بڵاو ببێتەوە شتێکی وا بکات. ئەو ڕۆژە سەماکەر هەرچی هێز و توانای هەبوو خستبوویە گەڕ لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەجۆرێک یانەکە ئەوەندە بێ دەنگ ببوو کەس دەنگی لێوە نەدەهات هەموو سەرنجی جوانی لەش و لاری و سەمای ئەویان دەدا خەڵکەکەی هەموو مەست و بێهۆش کردبوو هەموو چەپڵەیان لێ دەدا و ماچیان بۆ هەڵدەدا و زۆری لێ ڕازی بوون.

بەڵام لەناکاو ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا کە "سەماکەر" لەپڕ کەوتە سەر عەرز و زرمەی لێوەهات لەپڕ هۆڵەکە بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشا.

دەڵێ: ((هەریەکە و بەرەو سەکۆی سەما ڕۆیشت. ژنێک ڕوانییە سەماکەر لەش گەرم و بەبەزەییەوە گوتی "کوێربم چەند گوناحە" هێندێک خێرا دەورەیان لێ دا و هەرکەس شتێکی گووت ئەوانەی ئەوێ زیاتر مەست و سەرخۆش بوون. هەرکەس بەجۆرێک دەیهەویست خۆی تێ هەڵقورتێنێ بێدەنگییەکی سەیر بوو).

واتە خەڵک تەنیا سەیرکەرن و هیچی تر هەر کاتێک تووشی کێشەیەک بوویتەوە ئیتر کەس مافی بەسەرتەوە نامێنێت.

کە بوتڵێک ئاویان پێ داکرد بەخۆی هاتەوە و چاوی هەڵهێنا و گوتی "برسیمە" و چاوی خۆی داخستەوە. چیرۆکنوس زۆر بەجوانی بێ بەزەیی خەڵک پیشان دەدات بەرامبەر ئەو ئافرەتەی کە هەموویانی دڵخۆش کردبوو پێش چەند سائێک بەرلەو کارەساتە بەڵام ئەوان هیچ بەزەییەکییان بۆ ئەم ئافرەتە نەبوو کە یەکێک لەو پیاوانەی ئەوێ کە زۆری خواردبووەوە گوتی: (ئەگەر ئەگەر....برسی بوو بۆچی زوو....تر نەیگوت من مەزەی سەر مێزەکەی خۆمم دە....دایە و ئەویش.......ئەڵبەت دەبوو لە مەزەی خۆی بەشی منی بدایا!)

واتە چیرۆکنوس دەیەوێت بڵێت ئافرەت لەم کۆمەڵگایە پیاوسالارییەی ئێمە تاسەر ئێسقان ماف خوراون (پیاوان هەمیشە لە ڕوانگەی سێکسییەوە بۆ مێینە دەڕوانن، تەنیا بۆ چێژ و تامی هەوەسەکانیان وا دەزانن تەنیا بۆ هەوەسی ئەوان دروست کراون، تاکە فەلسەفەی ژن لەلای تاکی نێری کورد تەنیا لە کاتی سێکس کردنە، ئەگینا لەکاتەکانی تردا وەک کەلوپەلێکی بێ بایەخ بێ بەهایە) (مەحەمەد سورە، 2018، لا141).

جارێکی تر بوتڵێکی تر ئاویان پێداکرد، بەڵام نەیتوانی هەڵبستێتەوە و لە شوێنی خۆی بجولێت، بەڵام خەڵکەکە زۆر بە نامرۆڤانە و بێ بەزەییانە کەوتنە گفتوگۆ هەریەکەی قسەیەکی دەکرد. ئافرەتێک دەیگوت "لێیگەڕێن با بخەوێت" یەکی تر بەتوڕەیی دەیگوت "باوەڕی پێ مەکەن درۆ دەکات" یەکێکی تر دەیگوت "بورن..... دە.....کرێ پرسیار بکەم ئەم ئافرەتە خۆ...شە بۆکوێ دەبەن"

یەکێکی تر دەیگوت "سەمای ئەم ئافرەتە وەک تەبلیغاتی سیاسەتمەدارەکان سەرەنج ڕاکێش بوو، کەوتنەکەشی زیاتر لە کودەتای ناوەخۆیی دەچوو" چیرۆکنوس زۆر بە هەستێکی مرۆڤدۆستانە باسی بێ بەزەیی و بێ ڕەحمی کۆمەڵگامان بۆ دەکات کە چەند دڵڕەق و بێ بەزەیی بوون بەرامبەر بەم ئافرەتە، پێویستە چیتر بەچاوی سوک سەیری ئافرەت نەکەین، بەڵکو پێویستە دەستی بگرین و یارمەتی بدەین چونکە ئەویش قوربانی دەستی ئەو ژیانەیە، بەڵام ئەوان تەنها لە کاتی خۆشی پێویستیان پێ بوو لەکاتی کەوتن کەس بە هانای نەهات و کەس پیی باوەڕ نەکرد.

کودەتای سێبەرەکان چیرۆکێکی چیرۆکنوسی بەتوانا "چنور سەعیدی" یە، ئەم چیرۆکە هەر لەناوەکەیدا دیارە کە چیرۆکێکی سیاسیە، وە باسی کودەتایەک دەکات کە لە "شاری سنە" ئەنجامدراوە و چەند کەسیان گرت وە چەندیان سزادران بەوەی بەشداری ئەم کودەتایەیان کردووە، چیرۆکنوس بە ڕەمز دەربڕیووە و بە "سێبەر" ناوی بردون، مرۆڤە یاخیەکانی بە سێبەرە یاخییەکان ناو بردووە، ئەو ڕەمزانەش بەکاری هێناوە لەترسی سانسۆر و دەستەڵات بۆیە زیاتر پەنای بردۆتە بەر ڕەمز و نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ باسیان لێوە بکات. (هەر گەلێک کە هەستی بە ژێردەستەیی کردوە ئاڵای بەرگری هەڵداوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەم شێوە ئەدەبیە توانیویەتی ببێتە دەلاقەیەک بۆ نیشاندانی ئازار و مەینەتیەکانی هەر نەتەوەیەکی ژێر دەست لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە، بۆیە بە هەڵە نەچوین گەر پێمان وابێت ئینسانیترین بەشی ئەدەبیاتی هەر گەلێک ئەدەبیاتی بەرگری ئەو گەلەیە). (حبیبی، ٢٠١٤، ل٦٦)

ئەم چیرۆکە کە باسی سێبەرەکان دەکات کە یاخی بوونە، هەموومان دەزانین یەکێک لە ماهیەتەکانی سێبەر ئەوەیە کە تۆ هەرچی بکەیت سێبەرەکەت دووبارەی دەکاتەوە، بەڵام لەم چیرۆکە سێبەرەکان بەگوێی خاوەنەکانیان ناکەن و یاخی دەبن و شار دەشێوێنن و پۆلیس دێت و کێشەکە گەورە دەبێت. ئەمەش هەر بابەتێکی مرۆڤانەیە و باسی "ئازادی و خەبات و بەرگری" مرۆڤەکان دەکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان وەک ڕزگاربوون لە دەست ئەو زوڵم و زۆرداریە. (کوردان بەپێی خەونی هیگڵ هەست دەکەن ئەو شتەی کە بەناوی ئەدەبیات چ شیعر بێت یان شانۆ یان چیرۆک و ڕۆمان دەینوسنەوە، دەرهاوێشتەی وشیاریەکی ناسیۆنالیزمی جیاوازە کە دژی دام و دەزگای وڵاتانی داگیرکەر دەوەستێتەوە، کورد میللەتێکی داگیرکراوە ئەدەبەکەشی لەو یاسایە بەدەر نیە) (حامیدی، 2019، ل69).

سەرەتای چیرۆکەکە بەوە دەست پێدەکات کە دەڵێت: ((هێشتا خەو ئەبینم و تەلەفۆنەکەش ئەزرنگێتەوە، ئاڵاومەتە نێو مەلافەکەمەوە و چاوەکانم ناکرێتەوە، ئاخۆ کاتژمێر چەند بێ؟ ئەزرنگێتەوە و لەشم هەڵناسێ دەست ئەکوتمە سەر مێزەکەوە، تۆ خاوەنی ئەو دوو سێبەرە وێڵەیت کەس جگە لە تۆ ناتوانێ بەرپرسی گوناحەکانی ئەو بێت)

چیرۆکنوس دەیەوێت بڵێت ئەو پیاوە خاوەنی دوو دانە سێبەری یاخییە هەر لە منداڵیەوە یاخین ئەو هێشتا لەناو پێخەفەکەیدایە و تەلەفۆنەکەی زەنگ لێ دەدات کە هەڵدەگرێت دائیرەی ئێتلاعاتە" واتە دەزگای (موخابەرات و ئاسایش)ی وڵاتن و پرسیاری لێ دەکەن کە ئەو خاوەنی ئەو دوو سێبەرە یاخییە گوناهبارەیە و هەر ئەویش بەرپرسی ئەوانە. واتە کابرا کاتێک تەلەفۆنەکەی بەگوێیەوەیە ، گوێبیستی "گوناح" دەبێت ڕادەچڵەکێت چونکە گوناح خەتی سورە واتە "کودەتا" ئەمەش کارێکی باش نەبوو، کابرا دەڵێ سێبەری خەڵک خاوەنەکانیان چی بکەن ئەوان دووبارەیان دەکەنەوە، چونکە وەک وتمان ماهیەتی سێبەر ئەوەیە لاسایی خاوەنەکەی بکاتەوە، بەڵام دەڵێ سێبەرەکانی تۆ یەکیان باشە و ئەویتر یاخی و گوناهبارە.

دەڵێ (هێشتا خەون دەبینم یان ڕاستیە؟ هەموو ئەم قسانەم لەبەرەو هەموو شەوێکیش خەوی پێوە ئەبینم، ڕەنگە ئێستاش خەو ببینم. بۆ هیچ ناڵییت؟ هەڵبەت ئیتر بێهودەیە بڵێیت تۆ کامە لەو سێبەرانە بوویت؟)

چیرۆکنوس دەیەوێت بڵێت دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا یەک ڕووی هەیە تەنیا کاری سانسۆر کردن و بەربەست دروستکردنە لەبەردەم بیرکردنەوە و تازەکردنەوەی ژیان، بە شێوەیەک کەس بۆی نیە قسە لەسەر بابەت گەلێک بکات، کە دوور و نزیک پەیوەندی بە دەسەڵاتی سیاسیەوە هەیە، ئەگینا ڕووبەڕووی توندترین سزا و ئاوارەیی و دەوروبەری دەبێتەوە. جگە لەوەش دەسەڵات ڕێگرە لەبەردەم هەموو شتێک کە خزمەتی ڕاستەقینەی مرۆڤ و پەیامی مرۆڤایەتی دەکات. خاوەن سێبەر دەڵێ ڕاستە من پەیمانم دابوو بەڵام دیارە سێبەرەکانم بەگوێی منیان نەکردوە و من دوێنێ شەو گوێم لێ بوو مشت و مڕیان بوو دەیانگوت ((نازانی چەند خۆشە ڕۆیشتن بۆ ئاسمان و خەوتن لەماڵی شتەکان، هێلانەی پەپولەکان))

لێرەدا مەبەستی چیرۆکنوس ئەوەیە لە ماڵی پەپولەکان و ئاسمان دا ئازادی و ئازادبوون وەک مەل لە ئاسمان بفڕن و پەپولەکانیش نیشانەی پاکی و بێ گوناهین لەسەر ئەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ ئەفڕن بە ئازادی و سەربەستی.

سێبەرە بێدەنگەکەش کە گوێی لێ ببوو گوتبووی توخوا منیش دەبەی لەگەڵ خۆت، بەڵام ئەو گوتبووی ناتبەم چونکە تۆ سێبەرێکی ڕاستەقینەی واتە ئەمجارەیان ئەویش یاخی دەبێت و چیتر بێدەنگ نامێنێتەوە.

پۆلیس دەڵێن گرنگ نیە تۆ هەر کام لەم سێبەرانە بیت دەبێت خێرا بێیت بۆ ئێرە.

بەڵام ئەو زۆر بێزارە لەم ژوورە بچوکە بێ پەنجەرە و کورسیە ئاسنیەی کە ڕۆژێکی کامڵ دایدەنیشێنن و بەس پرسیاری لێ دەکەن تا بێزار دەبێت، هێشتا ڕۆژێک بەسەر ئەم کارە تێپەڕ نابێت دووبارەی دەکەنەوە.

واتە لە ڕۆژهەڵات بە حوکمی ئەوەی ژێر دەستەن و هیچ جۆرێک لە ئازادی و تەنانەت فیدڕالیشیان نیە وەک کوردەکانی باشوور بۆیە ئەوان زۆر هەست بە پەستی دەکەن و زۆر بێزارن لەو ژیانەی کە هەموو ڕۆژێک و بۆ هەموو شتێک هەر دەبێ بچن بۆ ئەم دائیرەیە ناخۆش و نەگریسە و پرسیاریان لێ بکەن و ئەوانیش زۆر بە ڕاستگۆیی وەڵام بدەنەوە دەڵێ بێزار بووم، باسی ئەو پەیماننامەیە دەکات کە ئەو مۆری کردبوو کە چەند بڕیارێکی تێدا هاتبوو کە دەڵێ: (بڵیند لە شەقامەکاندا پێناکەنی). بەلای ئەوان پێکەنینیش قەدەغەیە واتە خەڵک نابێت دڵخۆش بێت و بە دەنگی بەرز لە شەقام پێبکەنێت. (جنێو بە پۆلیس و سێبەرەکانیان نادات).

واتە دەبێت پابەند بێت و ڕەخنە لە هیچ شتێک نەگرێت و پۆلیس بەرد باران و جنێوباران نەکات.

(بڵیند بڵیند قسە ناکا، ناگریێ، توشی سەرسوڕمان نابێ و بۆ ئەو جێگایانە ناڕوات وا بۆ سێبەرێک قەدەغەیە).

واتە قەدەغەیە هاوار بکات و خۆپیشاندان ئەنجام بدات و بگریێت و و نابێت هیچ قەبوڵ نەکات، دەبێت خۆشی دوور بخاتەوە لەو شوێنە دەقەغانەی کە کۆبوونەوەی خەڵکانی گومانلێکراویان لێ دەکرێت.

باسی سێبەرەکەی دەکات و دەڵێ چەند جار گیرابوو کەلەپچەکرابوو هەڵاتبوو بەڵام سێبەرەکەی ترم زۆر بێ دەنگ بوو بۆیە حەق وانەبوو یاسا بەسەر مندا پەیڕەو بکەن، دەڵێ دووبارە کلیلەکانم هەڵدەگرم دەڕۆم بۆ ئەو ژوورە بێ پەنجەرە سارد و سڕە بەڵام ئەمجارەیان بڕیار دەگۆڕیت و ئەویش بەدوای سێبەرە یاخیەکەیدا دەڕوات و چیتر ناچێت بۆ ئەو ژوورە و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەن و بەدوای سێبەرە کاڵبووەکەی کەوتبوو. واتە چیتر ئەویش دەستەمۆ نابێت و ناچێت بۆ لای ئەفسەرەکە و ئەویش یاخی دەبێت ئێستا شار هەموویان بێ سێبەرن چونکە سێبەرەکانیان هەموویان یاخی بوون و شاریان جێهێشتووە و ڕۆیشتوون بۆ شاخ.

## ئەنجام

زۆربەی چیرۆکەکان بەرپەرچی زوڵم و ستەم و هەژاری و مردن و دەسەڵات و جەنگ و زۆرداری دەکەن، کە زۆربەی چیرۆکەکان کۆتاییان ناخۆشە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەربڕینی ئەو واقیعە تاڵ و ناخۆشەی کە مرۆڤەکان بەگشتی و تاکی کورد بەتایبەتی دەیچێژن لەم کۆمەڵگایە.

لە چیرۆکی زۆربەی چیرۆکنووساندا جۆرە فەزایەکی ڕەمزی بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاسی کە نەیانتوانیوە بە ئاشکرا شتەکان بخەنە ڕوو زیاتر لە ژێر پەردە و بە ڕەمز ئاماژەیان بە کێشەکانیان کردووە.

یەکێک لە کارە سەرەکیەکانی هیومانیزم بریتی بووە لە ئازادکردنی "هەستەکان" لە سنوربەندییە هەراسانکەرەکان کە ئەمەش بەڕوونی لەلای چیرۆکنوسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕون و ئاشکرایە کە ئەگەر چی بە کردەوە ناوێرن ئازاد بن ئەوا هەستەکانیان ئازاد دەکەن و دووریان دەخەنەوە لە سانسۆرە هەراسانکەرەکان، ئەو شتەی هەستی پێ دەکەن و دەیانەوێت بە چیرۆک دەری ببڕن کە ئەمەش بە ڕوونی لە چیرۆکەکانیاندا دیارە.

ئافرەت کە کۆڵەگەیەکی گرنگی ژیان پێکدەهێنێت وە بەشێکی گرنگی ئەم ژیانەی پێکهێناوە هەم وەک دایک و خوشک و خێزان، بەڵام تا سەردەمی ئەمرۆشمان هەمیشە کێشە و ئارێشەکانی تەواو نەبوون و بەردەوامن ئەویش لە ئەنجامی تێڕوانینی کۆمەڵ بەتایبەتی پیاوان بۆ پێگە و ڕۆڵی ئەوان لە ژیاندا. بۆیە باسکردنی ئافرەت و کێشەی ئافرەت هەردەم بابەتێکی زیندوو و هەمیشەیی تێکرایی بیر و فیکرە جیاوازەکانی سەردەمە، بۆ چیرۆکنوس مەحاڵە چیرۆک بنوسێت و بتوانێت خۆی لە قەرەی ئەم بابەتە نەدات.

## سەرچاوەکان


**کتێبە کوردییەکان:**

میراودەلی, کمال (؟). فەلسەفەی ئازادی، بیرنامەیەک بۆ تاکی مرۆڤی ئازاد، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی مێخەک.

مەنتک, کامەران (2021 ). ئازادی لە نێوان فەلسەفە و یاسادا، چ٢، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

مۆللێر, جان ماری (2013 ). فەرهەنگی ناتوندوتیژی، ، و: لە عەرەبیەوە؛ عومەر غەفوری، هەولێر: دەزگای ئاراس .

سیوەیلی, ڕێبوار, دێلویی, هیوا حاجی, جمال, نەوزاد (2009 ).لێبوردەیی و فەلسەفە، هەولێر: دەزگای موکریان.

تەرابیشی, جۆرج (2012 ). مۆدێرنە و راسیزم، ، و: شوان ئەحمەد، هەولێر: دەزگای ئاراس.
عەلی, ئومێد حمە ( 2015 ). کێشەی بوونی مرۆڤ، ، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە .
کانت , ئیمانۆیل (2015 ). پرۆژەیەک بەرەو ئاشتی هەمیشەیی، و: لە عەرەبیەوە: سامان عەلی حامید، ، چ٢، سلێمانی: بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رێنما.،
سیوەیلی, رێبوار (2002). نەتەوە و حیکایەت، ، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.،
خضر, شەماڵ خەمۆ (2018 ). بەرجەستەبوونا بنەماییێن هیومانیزمی لە ئەدەبا ئۆلێ یا ئێزیدیا "قەوەل" وەک نموونە، دهۆک.
حبیبی, هادی (2014). شیعری هاوچەرخ و ئەدەبی بەرگری، هەولێر.
لێ گەریت, مارلین (2015). ژنانی سەردەمی خۆیان مێژووی فێمینیزم لە ڕۆژئاوادا، و: لە فەرەنسیەوە: فەرشید شەریفی، ، سلێمانی: دەزگای سەردەم.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

مێدیا , (2000). چیرۆکی سەماکەر، ، گۆڤاری: ڕامان، ژ:54، هەولێر.
ەسورە, سۆران مەحەمەد (2018). خوێندنەوەیەکی فێمینیستانە بۆ کۆچیرۆکی دەزگیرانە قوڕینەکەم ، ڕامان، ژ: 249.
حەمیدی , تاهیر (2019). چیریکەیەک لە تاریکستانی وڵاتی ئێمەدا ، سەقز، ڕامان، ژ: 265، هەولێر.
سەعیدی, چنور(2010). کودەتای سێبەرەکان، ، ڕامان، ژ: 160، چاپخانەی خانی، دهۆک.

**کتێبە عەرەبیەکان:**

زهران , حامد (2003). الصحة النفسية والعلاج النفسي ، قاهرة: عالم الكتب..
عادل, فؤاد (1969). العدالة الإجتماعية (عقيدة، هدف، مصير) القاهرة: دار الكتب العربي .
إبراهيم, غسان محمود (2014). رسالة التسامح، .ديمشق: سوريا.
ئيريك فروم (1941). الهرب من الحرية، ، نيويورك،.
مروان, ، محمد (2016). أهمية السلام في حياتنا ، قاهرة، مصر.
محمد, أحمد عزت (2018). السلم والسلام، بيروت.
آل يونس, حافل (2018). النزعة الإنسانية في الشعر الهجري الحبوبي حسني غراب نموذجاً، ، بيروت.
التحديد والتحريم والتأويل بين المعرفة العلمية والخوف من التفكير، المركز الثقافي، 2010.

**سایتە ئەلیکترۆنیەکان:**

1. www.muhtawa.com

**کتێبە ئینگلیزییەکان:**

1. Elton, G. R (1684). Renaissance and reformation, second edition, new York.
2. Burgreen Oe Schien denis, Peter C. kop, men, 2009, groundrechten, walburg, p:20.

**إنعكاس خصائص ومبادئ الإنسانية في القصة الكردية – شرق كردستان**

**ريزان محمد غفور**
قسم الكردى، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-أربيل
Rezan.ghafour@gmail.com

**هيمداد حسين بكر**
قسم الكردى، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-أربيل
Hemdad.bakir@su.edu.krd

**ملخص**

هذه الدراسة الموسومة بـ (إنعكاس خصائص ومبادئ الإنسانية في القصة الكردية – شرق كردستان). فهي دراسة وصفية – تحليلية حول تجليات مبادئ وخصائص الإنسانية في القصة الكردية في شرق كوردستان، يتكون الدراسة من مقدمة وفصلين.

يتكون فصل الأول: خصائص ومبادئ الإنسانية فهي يتكون من (الحرية ، الحب، التسامح، السلام، العدل والمساواة، حب الوطن، حقوق المرأة وتأكيد على حقوق المرأة....وكثير من المبادئ الإنسانية الأخرى.

الفصل الثاني: فهي فصل تطبيقي، تطبيق المبادئ والخصائص الإنسانية في القصة الكوردية شرق كوردستان، وفي النهاية توجد النتائج التي وصل إلينا بالثبات.

**الكلمات الدالة:** الإنسانية، قصة الكردية، مبادئ الإنسانية، قصاصي الشرق.

**Characteristics and principles of humanism in Kurdish story in East Kurdistan**

**Rezan Muhammad Ghafour**
Kurdish Department, College of Education, Salahaddin University-Erbil
Hemdad.bakir@su.edu.krd

**Hemdad Hussein Bakir**
Kurdish Department, College of Education, Salahaddin University-Erbil
rezan.gafur1@su.edu.krd

**Abstract**

This study tagged with (Characteristics and principles of humanism in Kurdish story in East Kurdistan) it consists of an introduction and two main chapters. We covered the characteristics and principles in the first chapter: the concept, freedom, love, tolerance, peace, justice and equality, love of the land and country, women's rights….and several other principles of humanism.

The second chapter, which has revealed the aspects of humanity in the Kurdish story in eastern Kurdistan, finally, there are the results that have consistently reached us.

**Keywords:** Humanism, Kurdish story, principles of humanism, storytellers of the east.